# University students' views on the impact of social media on the production of electronic violence

Karzan Hassan Abdulrahman, Saied Qadir Faqe Ibrahim, Barzan Kamal Hassan
Department of Sociology, faculty of Arts, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.25*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

The main aim of this study is a quantitative analysis to determine the level of content and nature of social networks and relationships with individuals, as well as social networks and relationships with cyber violence. For this purpose, the use of social learning theory to analyze cyber violence by individuals. Based on quantitative method, questionnaire was used for data collection. The research community was Soran University and the sample size was (380) students who were different in terms of gender and departments. The data analysis tool was analyzed through SPSS. The results show that the content and nature of social networks is related to cyber violence and there is statistical evidence, although the content and nature of social networks is not related to cyber violence according to gender and departments variables.

***Keywords:*** *Orientation, University, Social Media, Cyber Violence.*

# ئاراستەی قوتابییانی زانکۆ بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی

د. کارزان حسن عبدالرحمن/ زانکۆی سۆران- بەشی کۆمەڵناسی
karzan.abdulrahman@soran.edu.iq
د. سعید قادر فقێ ابراهیم/ زانکۆی سۆران- بەشی کۆمەڵناسی
saied.faqeibrahim@soran.edu.iq
د. بارزان کمال حسن/ زانکۆی سۆران- بەشی کۆمەڵناسی
barzan.hasan@soran.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی سەرەکیی لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی چەندایەتییە بۆ زانینی ئاستی ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە تاکەکانەوە، هەروەها زانینی پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەوە. لەگەڵ ئەمەشدا تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory) بۆ شیکردنەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە لای تاکەکانەوە بەکارهاتووە. ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چەندایەتی دەبەستێت و بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە ڕێگای پرسیارنامە بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوە زانکۆی سۆرانە و قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەش (380) قوتابی بوو، کە لە ڕووی ڕەگەز و بەشەکانیان جیاواز بوون، شیکردنەوەی داتا لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) شیکردنەوەی بۆ کراوە. ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە دەخاتەڕوو، کە ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی بەهێزی بە توندوتیژیی ئەلیکترۆنییەوە هەیە، لە هەمانکاتدا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و بەشە زانستییەکانەوە جیاوازیی ئاماری لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی ئەلیکترۆنییەوە نییە.

**وشە کلیلییەکان:** ئاراستە، زانکۆ، سۆشیاڵ میدیا، توندوتیژیی ئەلیکترۆنی.

# ئاراستەی قوتابییانی زانکۆ بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی

## پێشەکی

لەگەڵ هاتنی تەکنۆلۆجیای نوێی بواری زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ ناو کۆمەڵگا، ئەوا ئاسۆیەکی نوێی کردۆتەوە و لەهەمانکاتدا بۆتە هۆی گۆڕانکاریی گەورە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ، وەکو لایەنی کلتووری، فیکری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی مرۆڤەکان دروستکردووە، ئینتەرنێت بە یەکێک لە دیارترین دەرکەوتە و ڕوخسارەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی مۆدێرن دادەنرێت، کە سەرکەوتوو بووە لە دروستکردنی شۆڕش لە بواری پەیوەندیکرن لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە ڕێگەی ئەو ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرانەی کە خستوویەتیە بەردەست بۆ گفتوگۆ و... ئاڵوگۆڕی بیروڕا، و ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان خەڵک ئەمەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت (وردة و كاهينة، 2021: 4).

هاتنەکایەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی مۆبایل و تۆڕەکانی فەیسبووک، تویتەر، گۆگڵ......هتد، ئەمانە هەموو کاریگەریی خۆیان هەیە، لە بەکارهێنانیاندا لەسەر کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەی زانیاری و دەربڕینی بیروبۆچوونمان دادەنێن، بەڵام بە هەزاران لاپەڕە و ماڵپەڕیش هەن کە بێ سەرچاوەن و زانیاری بە تامی ژەهر بڵاودەکەنەوە، بۆیە ئاساییە کە ئەم بۆردومانی زانیارییە بە چاک و خراپەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروون و ژیان و ڕەفتاری تاک جێبهێڵێت (ئیروانی، 2020: 5-6).

دەتوانین بڵێین ئەم شەپۆلە بەرفراوانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەیان، دەرئەنجام و ئاسەواری ئەرێنی و نەرێنی دروستکردووە، ئەم کاریگەرییانەش ڕێژەییە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت بەپێی ئاستی هۆشیاری و مەعریفەی تاک و تۆکمەیی یاسا و بوونی چاودێری لەسەر تۆڕەکان.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە دەستنیشان و ڕاڤەی ئەو توندوتیژییە ئەلیکترۆنییانە بکەین، کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامدەدرێن و بوونەتە سەکۆیەک بۆ بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی جۆرێکی نوێی توندوتیژییەکان، کە توندوتیژیی ئەلیکترۆنییە. ئەم توێژینەوەیە لە چەند تەوەرەیەکی سەرەکی پێکهاتووە و بریتین لە:-

## تەوەرەکانی توێژینەوە

### تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

## 1.گرفتی توێژینەوە

دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بە هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەسپێک دادەندرێت، لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت.

لە ڕاستیدا سەرهەڵدان و بەکارهێنانی هەر ئامراز و ئامێرێکی نوێی بواری تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن و زانیاری لەناو کۆمەڵگا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێک ئامرازی گرنگی وەکو (ئینتەرنێت و مۆبایل)، پاشان زیادبوون و پێشکەوتنی بەرنامە و خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەدوای ساڵانی (2004)ەوە، کە بە وەرچەرخان و شۆڕشێکی نوێی بواری میدیایی لەقەڵەمدەدرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە یەکێک لە باوترین پلاتفۆڕمەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندیکردن لەناو هاوڵاتییاندا.

سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکردووە لە بواری ڕاگەیاندن و بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاست و ئاسۆی ڕاگەیاندن کە لە پێشتردا نەبووە، لە هەمانکاتدا بوارێکی گەورەی ڕەخساندووە بۆ کارلێککردن و دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر و گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ هەموو سنوورەکان بەبێ بوونی چاودێری و سانسۆر (الدیهی، 2015: 7).

توندوتیژیی ئەلیکترۆنی کە لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییە مۆدێرنەکانەوە سەرهەڵدەدات، جا چ لە ڕێگەی فەیسبووک و تویتەر یاخود سایتەکانی تری پەیوەندیی ئەلیکترۆنی بێت ئەوا بە تاوان دادەنرێت، هەروەها بە نەخۆشییەکی مەترسیدار دادەنرێت، کە لیکەوتە نەرێنییەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە (ناجی، 2017).

گرفتی توێژینەوەکەمان گەڕانە بەدوای وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی، کە بریتییە لەوەی ئایا "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامراز و سەکۆیەک بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لەناو کۆمەڵگەدا؟ لەگەڵ ئەمەشدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوەش دەگەڕێت:

## 2. پرسیارەکانی توێژینەوە

1. تا چەندە ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە؟
2. ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان؟
3. ئایا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوە (ڕەگەز و بەشە زانستییەکان)؟

## 3.ئامانجەکانی توێژینەوە

1. دەستنیشانکردنی سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە تاکەکانەوە لە دیدی قوتابییانی زانکۆ.
2. زانین و دیاریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان.
3. زانین و دیاریکردنی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوە (ڕەگەز و بەشە زانستییەکان).

### 4. گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر بابەتێکی زیندوو لە کوردستاندا، کە بریتییە لە دەرخستنی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێی لە توندوتیژییەکان، کە توندوتیژیی ئەلیکترۆنییە لە دیدی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا کە قوتابییانی زانکۆیە. هەروەها هەوڵدانە بۆ دەرخستنی دەرهاوێشتە نەرێنییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. لەگەڵ ئەمەشدا دەستنیشانکردنی جۆر و شێوەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنییە، بە پشتبەستن بە ڕێکارە میتۆدییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو، کە بەدەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان ڕاستیی بابەتەکە، بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نەرێنییەکان بە ئامانجی سوودوەرگرتن و جێبەجێکردنیان لە واقیعدا.

### 5. چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

#### یەکەم: ئاراستە (Attitude)

"گوزارشتە لە حاڵەتێکی ئامادەباشیی دەماری و دەروونیی ڕێکخراو لە دەرئەنجامی شارەزایی کەسەکە دروستدەبێت و کاریگەری لەسەر وەڵامدانەوەی کەسەکە دەبێت بۆ هەموو ئەو بابەت و بارودۆخانەی کە ئەم وەڵامدانەوە دەوروژێنێت" (Allport, 1935:810).

لەلایەکی ترەوە، ئاراستە پێناسەکراوە بە جۆرێک لە "تێڕوانین و وەڵامدانەوەکانی تاک بەرانبەر بابەتێک یاخود بیرۆکەیەک یان دیاردەیەک، بۆی هەیە ئەو تێڕوانین و وەڵامدانەوانە ئەرێنی بن یاخود نەرێنی بەرانبەر بابەتی دیاریکراو کە دروستدەبن لە ئەنجامی شارەزایی و ئەزموونی تاکەکان" (عماشە، 2010: 17).

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە ئاراستە بریتییە لە بۆچوون و تێڕوانینی قوتابییانی زانکۆ لە بەرانبەر کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنان و زیادکردنی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

#### دووەم: زانکۆ (University)

زانکۆ بریتییە لە دەزگایەک کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی تاکەکان لە ڕووی پیشەیی و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی کە خزمەتی پلانی گەشەپێدانی گشتی

دەکات بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگاکانی تر، لەناو چوارچێوەی دەوڵەتدا (مهدي و یاسین، 2019: 260).

زانکۆ "دەزگایەکی زانستی- ئەکادیمییە، چونکە مەعریفە لە چوارچێوەی سستەمێکدا دەبەخشێ؛ واتە بابەتەکانی ئەو مەعریفە زانستییەی زانکۆ پێشکەشیان دەکات بە ڕێکی بەیەکەوە بەستراون و یەکدی تەواودەکەن، هەر هەمووشیان پێکەوە سستەمێکی مەعریفی بۆ کۆمەڵگە دەڕەخسێنن بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ" (میران، 2016: 50).

کەواتە، زانکۆ گەورەترین دەزگای بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانستە و ئەرکی سەرەکیی هۆشیارکردن و گەشەپێدانی تاک و کۆمەڵگایە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری.

**سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زاراوەیەکە بە کۆمەڵە ماڵپەڕێک دەوترێ، کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب (Web2) دەرکەوتوون، بەهۆیەوە ڕێگە بە پێکبەستنی بە تاکەکان دەدات لە ژینگەی کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی کۆببنەوە و پەیوەندی دروستبکەن (جبار، 2017 : 50). لەلایەکی ترەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە کراون بە کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنی یان پرۆگرامی کۆمپیوتەری، کە ڕێگە بە خەڵک دەدات بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە (احمد، 2019: 1).

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو بەرنامە ئەلیکترۆنییانەی، کە بەهۆیانەوە ئەندامانی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی تێدا تۆماردەکەن و پەیوەندیی خێرا لەگەڵ زۆرترین ژمارەی جەماوەری و کلتووریی جیاواز بە شێوەیەکی کاریگەرتر دروستدەکەن، وەک فەیسبووک، تیکتۆک، سناپ چات، یوتیوب... هتد.

**چوارەم: توندوتیژیی ئەلیکترۆنی (Cyber Violence)**

توندوتیژی بە شێوەیەکی دیار لە کۆمەڵگەکان بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆر زیاد دەبێت، هەندێکیان کۆمەڵایەتین، کە پەیوەستن بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، هەندێکیان کلتووری و ڕۆشنبیرین، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکیان پەیوەستن بە بارودۆخی ئابووری کە کۆمەڵگە پێیدا تێپەڕدەبێت (الكعبي، 2013: 248).

توندوتیژی بریتییە لە بەکارهێنانی فشار یان هێز، بەکارهێنانێک کە ناڕەوا و نادروست بێت، یاخود لەگەڵ یاسا یەکنەگرێتەوە و کاریگەری لەسەر ویستی تاک هەبێت (**بدوي**، 441:1982).

لەلایەکی ترەوە، توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گوزارشتە لە هەموو کارێکی زیانبەخش کە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بەرانبەر تاکەکان ئەنجامدەدرێن، وەک کۆمپیوتەر، مۆبایل و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، ئەم کارە ناڕەوا و زیانبەخشانەش وەک بوختان، سووکایەتی، جنێودان و زەلیلکردنی تاکەکان، بە مانایەکی تر

توندوتیژیی ئەلیکترۆنی مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژییە، چونکە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاکەکان هەیە. ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانێک کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی دەکات، لەوانەش خێزان و کۆتاییهێنان بە کۆمەڵگا (**ناجي** 2020).

کەواتە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی هەموو ئازاردانێکی ماددی یان مەعنەوییە، کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە نێوان بەکارهێنەرانەوە ڕوودەدات، وەک سووکایەتیکردن، هەڕەشەکردن، وێنە و ڤیدیۆ، کە کاریگەریی دەروونیی نەخوازراو لەسەر تاکەکان دروستدەکات (فوزية و زهراء، 2018: 40).

دەتوانین لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا بڵێین توندوتیژیی ئەلێکترۆنی گرفتێکی کۆمەڵایەتییە، گوزارشتە لە هەر کارێکی نارەواو و ناپەسەند کە هەڵگری ڕەگەزی ئەزیەتدان و زەرەردانە بەرانبەر تاکەکان وەک (هەواڵی درۆ، سووکاتیکردن، ڕابواردن، هەست بریندارکردن، شکاندنی شکۆ و کەرامەت، ناردن و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی سێکسی، هاککردن و... هند) کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامدەدرێن وەک، فەیسبووک، تیکتۆک، سناپ چات و ئینستاگرام.

### تەوەرەی دووەم: سەرەتایەک دەربارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانیان

### یەکەم: سەرەتایەک دەربارەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێک باس لە دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ، ئاماژە بە دوو قۆناغ دەکرێ. قۆناغە یەکەم دەبەسترێتەوە بە نەوەی یەکەم (Web 1.0) ، مێژووی دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1995) کاتێک پێگەی (Classmates) و دواتر پێگەی (Sixdegrees) دامەزرا، لەو پێگانەدا دەرفەت بە بەکارهێنەر دەدرا دۆسیەی کەسیی خۆیان دابنێن و کۆمێنت لەسەر هەواڵەکان بنووسن. بە شێوەیەکی گشتی دەرفەتێکی کەمی بۆ کارلێکی نێوان بەکارهێنەرانی دەڕەخساند، کە دەیانتوانی نامەی کورت بۆ یەکتری ڕەوانەبکەن، ئەو قۆناغە تا ساڵی (2001) بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا پێگەکانی ( Live Journal، Black Planet، Asian Avenu) دامەزران (شواني، 2021: 78).

هەرچی پەیوەندیی بە قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی نەوەی دووەم (Web 2.0) ی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2002) کاتێک، کە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (Ester Friend)دامەزرا (قاسم و جداي 2019: 18). پاشان چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتیی دیکەی وەک Linkedin, Instagram, Tumbler, Myspace, Pinterest, Twitter, Tiktok, Facebook, YouTube......هتد) دامەزراون و ئەم قۆناغە تا ئێستاش بەردەوامە و چەند تۆڕی دیکە دامەزراون.

### دووەم: تایبەتمەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1- **هاوبەشیکردن:** دەرفەت بە بەکارهێنەران دەدات هاوبەشی لە وێنە، نووسین و ڤیدیۆ لەگەڵ یەکتری بکەن.

2-**گفتوگۆکردن:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشت بە گفتوگۆکردنی دوولایەنە دەبەستێت، ئەوەش پێچەوانەی میدیای کۆنە، کە تەنها کار لەبارەی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی زانیارییەکان بەیەک ئاراستە دەکات.

3- **کۆکردنەوە:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت بە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان دەدەن، لەگەڵ یەکتری کۆببنەوە و گفتوگۆ لەبارەی خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن (هتيمي، 2015: 84).

4- **کارلێکەر:** بەهۆی ئەوەی نێنەر و وەرگر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بنووسن و وەڵامی یەکتر بدەنەوە، بۆیە بە ئاسانی کارلێکدەکەن و کاریگەریی لەسەر یەکتر دروستدەکەن.

5- **سادەیی لە بەکارهێنان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی ئاسانە لە بڵاوکردنەوەی وێنە، ڤیدیۆ، نووسین و هاوبەشیکردن لە کار و چالاکییەکان، هاوکات لە بەکارهێنانیشیان ئاسانە و پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ئەستەم نییە.

6- **تێچوویەکی کەم:** لە ڕووی دارایییەوە پێویستییان بە برە پارەیەکی زۆر نییە، بەڵکو بۆ بەشداریکردن تێچوویەکی کەمی دەوێ.

7- **جیهانین:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چڕنەکراوەنەتەوە لە ناوچەیەک یان وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو تۆڕی جیهانین و لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان بەکارهێنەریان هەیە (سلمان، 2017: 34-35).

**تەوەرەی سێیەم : جۆر و شێوەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی**

توندوتیژی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو کۆمەڵگایەک بە ئاست و جۆری جیاواز هەیە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین جۆرێکی نوێی توندوتیژییەکانە، کە توندوتیژیی ئەلیکترۆنییە و بەرهەمی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە لایەن بەکارهێنەرانەوە.

**یەکەم: جۆرەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی**

هەروەک محمد (2021: 139) ئاماژەی پێداون کە بریتین لە:

1 . **توندوتیژیی زمانی (بەکارهێنانی وشەی زبری بە ئەنقەست و مەبەستدار):** ئەم جۆرە لە توندوتیژییە ئامانجی دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ماف و ئازادیی تاکەکان بە ئازاردانیان لە ڕێگەی وتە و وشەی نارەوا و ڕێگەپێنەدراو وەک (سووکایەتیپێکردن،

جنێودان و بوختانکردن) لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناوی ئازار و دروستکردنی کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتیی دەروونی.

2. **توندوتیژیی جەستەیی دژی ئامێرەکان:** ئەم جۆرە جیاوازە لە توندونیژیی زمانی بەوەی گوزارشتە لە بەکارهێنانی دەست و پێیەکان بۆ لێدانی ئەو ئامێر و ئامرازە ئەلیکترۆنییانەی کە بەکاردێن وەک (کۆمپیوتەر و مۆبایل)، ئەمەش بە زۆری دەرئەنجامی ئەو تووڕەبوون و شەڕانگێزییەیە کە بۆ تاک دروستدەبێت، کاتێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنێت یاخود هەر بەرنامەکی تر لەناو ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنییانە.

**دووەم: شێوەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی**

سەرچاوەکان ئاماژە بە کۆمەڵێک شێوەی دیار و بەرچاوی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن، کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەن. هەروەک محمد (2021: 141) ئاماژەی پێداون کە بریتین لە:

1. **هاککردن**: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە بۆ دەستگەیشتن بە سیستەم یان ئەکاونتەکانی تاک بە شێوەیەکی نایاسایی یان بێ مۆڵەت بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی کەسی، گۆڕینی یان دەستکاریکردنی زانیاری، یان بوختانکردن و لەکەدارکردنی ناوبانگی قوربانییە ئامانجدارەکە.
2. **خۆکردن بە کەسێکی تر:** واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ هەڵگرتنی ناسنامەی قوربانی یان کەسێکی تر، بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی تایبەت، بۆ شەرمەزارکردنی قوربانییەکە، یان دروستکردنی بەڵگەنامەی ناسنامەی ساختەکراوە.
3. **هەراسانکردن:** بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ هەڕەشەکردن یان ترساندنی قوربانییەکە، بە مەرجێک ئەم ڕەفتارە دووبارەدەبێتەوە و بەردەوامی هەبێت لە ڕێگەی پەیوەندی، یان نامەی بەردەوامەوە (دەق)، نامەی دەنگی یان ئیمەیڵ.
4. **بڵاوکردنەوەی مادەی هەراسانکەر و بێزارکەر:** بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ پرۆسێسکردن و دابەشکردنی مادەی ناوزڕاندن و پەیوەندیدار بە کەسێک بە شێوەیەکی نایاسایی، وەک دزەپێکردنی وێنە یان ڤیدیۆی قوربانییەکە.
5. **ناردنی پۆرنۆگرافیای ناڕەزامەندی (ناردنی ناوەڕۆک)ی سێکسی یەکلایەنە،** واتە ناردنی بابەتی سێکسیی نەشیاو بۆ کەسەکان، یاخود شێواندن یان زەلیلکردنی وێنە و کەسایەتیی کەسێک بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە و زیانگەیاندن.
6. **توندوتیژیی ڕەمزی:** بۆردیۆ بەو ئەنجامە گەیشتووە کە توندوتیژیی ڕەمزی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پەیوەندیی تاکەکانەوە دەردەکەوێت، کاریگەرییەکەی

دەوەستێتە سەر ئەو واتا و تێڕوانینە هێمادارانەی کە لە ڕێگەی گوتارەکانی تاکەکانەوە ئاراستەی ئەوانی دیکە دەکرێن، بۆ ملکەچکردنیان و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانیان. بۆیە ئەم توندوتیژییە زیانی جەستەیی بە تاکەکان ناگەیەنێت، بەڵکو زیانی دەروونی دەگەیەنێت. دەتوانرێت بەوە پێوانە بکرێت کە تاکەکان دەرک بەو پراکتیزە توندوتیژانە بکەن، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک بێبەشبوون و توندوتیژی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا کە خۆی لە کەم سەیرکردنی بەهای تاکەکان و لووتبەرزبوون بەرانبەریان، یاخود ئینکاری تواناکانیان، دەستبەسەرداگرتنی مافەکانیان، و بێبەشکردنیان لە دەربڕینی خۆیان دەبینێتەوە (بوردیو و باسرون, 2007: 105).

**تەوەرەی چوارەم: کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم:** توێژەر (ریهام السید عبدالجلیل ابراهیم) لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی (ڕۆڵی زانکۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- (ابراهیم، 2017 :13).

1. توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەوێت، کە چەندین شێوە و جۆری هەیە وەک (هەراسانکردن، بەرکەوتنی ئەلیکترۆنی، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، خۆدزینەوە، قومارکردن و مادەی هۆشبەری ئۆنلاین، سایتە پۆرنۆگرافییەکان و... هتد).
2. مەترسییەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی جیاواز و جۆراوجۆرن وەک (مەترسیی جەستەیی، دەروونی، کلتووری، ئابووری و...هتد)، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی تاوان و تاوانکاری لە کۆمەڵگا و لەدەستدانی خوێندن و... هتد، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەیە.

**دووەم:** توێژەر (مورغن مایکر) (Morgan Meaker) لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی (کاتێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سووتەمەنی بۆ توندوتیژیی نێوان مرۆڤەکان) کە لەلایەن ڕێکخراوی (BRS) ئەنجامدراوە، لەکاتی ڕوودانی توندوتیژییەکەی کە لە (میانمار) ڕوویدا، تیایدا ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات لەو توندوتیژییە و گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- (مایکر، 2018).

1. کەمینەیەک لە کۆمەڵگادا هەیە، کە سۆشیال میدیا بۆ هاندانی توندوتیژی دەقۆزنەوە، بە تایبەت لە کەش و هەوای سیاسی.

2. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و توندوتیژی و ئەم کاریگەرییەش تەنها تایبەت نییە بەو وڵاتانەی کە تازە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاهاتوون، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ زۆرێک لە وڵاتان، لەوانەش ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئەندەنوسیا و... هتد.

**سێیەم:** تویژەران (علی طالعی، معصومه اسماعیلی، سمیه کاظمیان، احمد برجعلی) لە توێژینەوە مەیدانییەکەیاندا، کە بە ناونیشانی (توندوتیژی و شەڕانگێزی لەناو ژینگەی سایبیری سۆشیال میدیا لە دیدگای قوتابییان). گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی خوارەوە :- (طالعی و ئەوانی تر، 2018 :45).

توندوتیژی لەناو سۆشیال میدیا سەرەتا لە ڕێگەی بەمۆدێلکردنی وشەکانەوە سەرهەڵدەدات، پاشان دەگاتە ئاستی خۆنمایشکردنی ڕوخسار و جەستە، دوا قۆناغیش بریتییە لە نمایشکردنی شوینە هەستیارەکانی جەستە تا دەگاتە گەیشتن بە ئاستی ئۆرگانیزم.

**چوارەم:** توێژینەوەی توێژەران (میلاد بسطامی، نادر آفقی، ڕضا علیزاده) لەبارەی (کاریگەریی ژینگەی سایبیری سۆشیال میدیا لە دروستبوونی توندوتیژیی ئاشکرا و شاراوە؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە: لە شاری ڕشت) توێژەنەوەکە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک:- (بسطامی و ئەوانی تر، 2022 :310-311).

1. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن، کە بەرکەوتن و بینینی ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە لەناو ژینگەی سۆشیال میدیا هەیە و ناوەڕۆک و خەسڵەتی توندوتژیان هەیە، وا دەکات کە ئاستی توندوتیژیی ئاشکرا و شاراوە لە لای تاکەکان دروستبکات، هەروەها بە دووبارەکردنەوەی چەند جارەی ڤیدیۆ و وێنەکان ئاستی توندوتیژییەکان زیاتر گەشەپێدەدات.
2. بەکارهێنانی هەڵەی سۆشیال میدیا وەک بۆ کات بەسەربردن، گاڵتەپێکردنی کەسانی دیکە، جنێودان و سوکایەتیپێکردنی کەسانی دیکە، ناوزڕاندن، بەراوردکردنی ژیانی خۆت لەگەڵ شێوەی ژیانی ئەو کەسانەی کە لە سۆشیال میدیا وێنە و ڤیدیۆکانیان دەبینیت، لە ڕووی شێوازی جل و بەرگ، خانوو، ئۆتۆمبێل و ... هتد. سەرجەمی ئەمانە فاکتەری کاریگەر و بەهێزن لە دروستبوونی توندتیژیی ئاشکرا و شاراوە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر لایەنی دەروونی و تێکشکاندنی کەسایەتیی تاک هەیە.

لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو، دەتوانین بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونتە سەکۆیەک یاخود ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی توندوتیژییەکان، بەرانبەر بە تاک و گرووپ و دامودەزگاکان، بە فۆرم و شێوەی جیاواز و مۆدێرن ئەم توندوتیژییانە ئەنجامدەدرێن، وەک (هاککردن، سوکایەتیکردن، جنێودان، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی

سێکسی، تاوانی نەشیاو دژ بەکەرامەت و شکۆی مرۆڤ. هەروەها بێزارکردن و ڕیکلامی ناتەندروست و هاندان بۆ جۆرەکانی توندوتیژیی هێمایی و...هتد. کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نییە لەم جۆرە خراپبەکارهێنانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەرێنی و نەرێنی وەستاوە لەسەر کۆمەڵێک فاکتەر، کە بریتین لە ئاستی ڕۆشەنبیری و هۆشیاریی تاک، مەعریفەی تەکنۆلۆژیی تاک، ڕێژەی بەکارهێنان و ئاڵوودەبوون بەم تۆڕانە، هەروەها پێشکەوتوویی و زۆریی خزمەتگوزارییە بەردەستەکان.

**تەوەرەی پێنجەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە**

لەم تەوەرەیەدا ئاماژە بەو تیۆرییە دەکەین، کە خزمەت بە بابەتی توێژنەوەکەمان دەکات و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، لە ڕاڤەکردنی بابەت و ڕەهەندە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە.

**تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory )**

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیی کە لەلایەن دەروونناسی کەنەدی ئەلبێرت باندورا ناسێندرا. هەڵبەت باندۆرا یەکێکە لە زاناکانی بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی ئەو لە چوارچێوەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر بەفێربوون لە ڕێگەی سەرنجدان و لاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. ئەو وای دەبینێت لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە فێردەبێت و پێدەگات. وێڕای ئەمەش تیۆرییەکەی باندۆرا باس لە کارلێکی توخمە ژینگەیی و مەعریفییەکان دەکات کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی فێربوونی مرۆڤەکان هەیە. ئەو وای دەبینێت کە هۆکاری هەرە دیاری فێربوونیش بریتییە لە سەرنجدان و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری کەسانی تر ( Nabavi and Bijandi, 2012).

وێڕای ئەمەش، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی پێدەدرێت، هەڵبەت ئەو تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەهۆی پاڵنەرە ناوەکییەکانی کەسایەتیی مرۆڤ دیارینەکرێت، بەڵکو ئەوەی کە ڕەفتار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەدەردەخات بریتییە لە پرۆسە مەعریفییە تایبەتمەندەکانی تاکەکان، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری خۆیان کارلێکی و هاوبەشی لەگەڵ یەکدا دەکەن (Beirne 2015 and Messerschmidt,). ئەم کارلێکردن و هاوبەشیکردنە لە نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەفتار و چالاکیی کۆمەڵایەتی لە یەکتر فێربن، بۆیەش لە ڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان لە ئەنجامی تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی مرۆڤەکانی تر (ئەوانی دیکە) فێری ڕەفتاری و کردەی کۆمەڵایەتی دەبن (Edinyang, 2016).

وێڕای ئەمەش، دەتواندرێت ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ توانای مەعریفی، هۆکارە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان بە باشی ڕوونبکرێتەوە، چونکە ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەژێر کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانە، و لەهەمان کاتیشدا بارودۆخی دەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕین و

کۆنترۆڵکردنی مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ دەرەوەی خۆی دەبینێت، ئەمەش لە ڕێگەی تێبینکردن و بەمۆدێلکردن. بۆیە لە ڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی دەشێت بگوترێت کە تاک لە ڕێگەی بینین، تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە کارلێکی لەگەڵ دەکەن فێری شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێت. ئینجا ڕەنگە ئەو کارلێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، بۆ نموونە کارلێک لەگەڵ مرۆڤەکان و تاکەکانی تر کە ڕۆژانە دەیانبینین و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین یاخود بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە کارلێکردن لەگەڵ ئەو کەسانە لە ڕێگەی سەرچاوەکانی میدیا و دونیای مەجازی وەک ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... هتد (Santrock, 2017).

ئەم توێژینەوەیە زیاتر جەخت لەسەر فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بۆ نموونە ڕەفتاری تاوانکاریی ئەلیکترۆنی لەگەڵ دونیای مەجازی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) دەکاتەوە. هەروەک (Ron Akers) لە بارەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری تاوانکاری لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ مرۆڤەکانی تر (ئەوانی تر)دا فێردەبێت (Cullen, Agnew and Wilcox, 2014). لەگەڵ ئەمەشدا تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی Ron Akers (1998) کە یەکێکە لە ناسراوترین تیۆرییەکانی تاوانناسی، ئەو ڕای وایە کە تاوانکاری ڕەفتارێکە لە پرۆسەی فێربوون مرۆڤ فێردەبێت، ئەمەش بەهۆی هەندێک پێکهاتەی سەرەکی کە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ مرۆڤەکانی تر هەیە، کە تاوانکاری و تاکی لادەرن، کە ئەمەش ئەگەری زۆر هەیە کە ڕەفتارە لادراوەکە لاساییبکەنەوە، هەروەها پشتگیری لە پێشێلکردنی یاسا دەکەن بە هێنانەوەی پاساوی عەقلانی و لۆژیک بوونی ڕەفتارە لادراوەکە. وێڕای ئەمەش، ئەو پێکهاتانە پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کلتوور، شوێنی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە هەیە بە جۆرێک کە ڕێژەی تاوان بە پێی ئەو کاتەگۆرییانە دەگۆڕێت (Akers, 2011).

دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە، شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ بابەتی توێژینەوەکەمان بکەین و پەیوەندی و کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا بە دیاردەی توندوتیژیە ئەلیکترۆنییەکانەوە دیارییبکەین، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر چەند چەمک و بنەمایەک دەکاتەوە بۆ فێربوون و ئەنجامدانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەلای تاکەکان، کە بریتین لە (لاساییکردنەوە، کارلێکردن و هاوبەشیکردن، بینین، تێبینیکردن)، هەموو ئەم چەمکانە لە جیهانی مەجازیی سۆشیاڵ میدیا بەرجەستە دەبن، کە چۆن تاکەکان لە پرۆسەی کارلێکردن و هاوبەشیکرن و تێبینیکردنن، لەهەمانکاتدا چۆن تاکەکان ڕۆژانە هەم بینەر و هەم بەکارهێنەری جۆرەها بابەتی جۆراوجۆرن بە ناوەرۆکە ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە، کە لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە و بوونەتە بەشێک لە ژیانیان، ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر جۆری بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و ڕەفتارەکانی بەکارهێنەر و بینەر. بۆیە زۆرجار لە ڕێگەی لاساییکردنەوە تاک هەوڵدەدات ئەم ڕەفتار و چالاکییانە دووبارەبکاتەوە، دەکرێت بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم سەردەمەدا یەکێکن لە کاریگەرترین دەزگای فێرکردن یاخود

کاریگەرترین کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکانی کردە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکەکانن، بۆ نموونە ڕەفتاری تاوانکاری و توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، چونکە بەشێک لەو ناوەڕۆک و پەیامەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەرێنین و توندوتیژییەکان بەرهەمدێنن.

**تەوەرەی شەشەم: میتۆدی توێژینەوە**

**یەکەم: میتۆدی چەندایەتی**

یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوە بریتییە لە میتۆد، چونکە لە ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێت کە لەسەر پرسی توێژینەوەکە هەیەتی. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی دەشێ زیاتر لە ڕێبازێکی توێژینەوەی تێدا بخرێتە کار. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چەندایەتی (Quantitative Method) بەکارهاتووە، بۆ شیکردنەوەی ئاراستەی قوتابییانی زانکۆ بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی. هەروەک Creswell (2013) پێوایە کە میتۆدی چەندایەتی بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە ژمارەییەکان. ئەم میتۆدە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی چەندیەتیندا دەگەڕێت. ئەم جۆرە میتۆدە کاتێک بەکاردێت، کە قەبارەی نموونەی توێژینەوە بەرفراوان بوو و لە توانایدا هەیە زۆرترین ژمارەی نموونەی توێژینەوە وەربگرێت و بیگشتێنێت بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەدا. بۆیە لەم توێژینەوەیە بەهۆی بەرفراوانیی قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە و شێوازی دەربڕینی پرسیارەکان وەک ئەوەی کە لە پێشتر خراونەتەڕوو چەندایەتین، بۆیە ئەم میتۆدە بەکارهاتووە.

**دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری و نموونەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی، پرسیارنامە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. پرسیارنامە لە کۆمەڵێک پرسیار پێکدێت کە لەسەر بنچینەی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەپێی ڕەچاوکردنی پێوەر و بنەمای دیاریکراو دادەڕێژرێت. هاوکاتیش دەتوانرێ بەهۆی ئەو میتۆدەوە ئەو خەڵکانە دەستنیشانبکا کە پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوە ( Harris and Brown, 2010). وێڕای ئەمەش پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بوار پێکهاتووە کە بواری یەکەم چوار برگە و بواری دووەم شازدە برگە لەخۆدەگرێت لەگەڵ دوو گۆڕاوی دیمۆگرافی. هەروەک ڕوونە پرسیارنامە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیارییە کە توێژەر/ توێژەران دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، کاتێک کۆمەڵگە زۆر بەرفراوانبوو، چونکە ڕوونە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەک و بارودۆخێکدا، لەبەر گەورەیی قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە و بڵاوبوونەوەی لە شوێنێکی جوگرافیای زۆر فراوەندا، ناتوانیت ئەو زانیارییانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەستبهێنیت، بۆیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی توێژینەوە، تەنیا هەڵبستین بە پرۆسەی هەڵبژاردنی بەشێکی نموونەی کۆمەڵگە. لەبەرئەوەی گرنگییەکەی لەوەدایە کە لە کۆتادا ئەو نرخ و باهایانەی کە لە نموونەی توێژینەوە بەدەستهاتوون، بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوە بگشتێنرێن. ئەمەش بە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکەن ( Johnson and Christensen, 2014).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵیانداوە کۆمەڵگەی توێژینەوە دیاریبکەن، کە ئەمەیش بریتییە لە زانکۆی سۆران، نموونەکەشمان هەموو بەشەکانە لە فەکەڵتییە جیاوازەکانی ئەو زانکۆیە، جۆری نموونەی توێژینەوە بریتییە لە جۆری ناهەڕەمەکی لە جۆری نموونەی هەڕەمەکیی سادە.

دیارکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا پشت بە خشتەی مۆرگان بەستراوە، چونکە ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە بەربڵاوترین ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە، بە جۆرێک خشتەکە کێشراوەتەوە کە لەگەڵ قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گونجاو بێت. کۆمەڵگەی توێژینەوە زانکۆی سۆران بوو، کە پێکهاتووە لە فاکەڵتیی (ئاداب، یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانست، پەروەردە و ئەندازیاری). قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە (6770) کەس بووە، قەبارەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (380) قوتابی. وەک لە خشتەی ژمارە (1) تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە خراوەتەڕوو.

| خشتەی ژمارە (١): تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە | | ژمارەی قوتابییان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 144 | 37.9 |
| | مێ | 236 | 62.1 |
| | کۆی گشتی | 380 | 100 |
| بەشەکان | بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان | 269 | 70.8 |
| | بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان | 111 | 29.2 |
| | کۆی گشتی | 380 | 100 |

لە هەمانکاتدا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی (Validity) پرسیارەکان، توێژەران ڕاستگۆییان بۆ کۆی پێوەرەکە واتە پرسیارەکانمان دەرهێناوە، پێش ئەوەی ئاراستەی نموونەکەمان بکەین. "ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانەدەکات، کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە" (Maltby & Macaskill, 2007:57) .

توێژەران پرسیارەکانی بەسەر (5)* پسپۆڕ دابەشکرد، کە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەندی جیاواز لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستیەتیی بڕگەکان. توێژەر سەرجەم تێبینی و گۆڕانکارییەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرت و چاککردنی بڕگەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (91.11%).

هەڵبەت بە مەبەستی دەرهێنانی جێگری (Reliability) سوود لە ئەلفا کرۆباخ (Cronbach's Alpha) وەرگیراوە، چونکە ئەم ڕێگەیەی ئەلفا کرۆنباخ ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دۆزینەوە پەیوەندیی یەکگرتوویی هەر بڕگەیەک بە بڕگەکانی دیکەوە و ئاستی بەهای ئەم ڕێگەیە هەمیشە دەبێت بکەوێتە نێوان (0 بۆ 1) (Taber, 2018). لە خشتەی ژمارە (2) دا جێگیری بۆ هەر بوارێک دەرهێندراوە بۆ نموونە لە بواری یەکەم (4) بڕگە لەخۆدەگرێت بریتییە لە (.834)، بواری دووەم کە (16) بڕگە لەخۆدەگرێت، بریتییە لە (.832). هەروەها ڕێژەی جێگرییەکە بۆ گشت بڕگەکانیش بریتییە لە (.833) کە ئەمەش بە بەهایەکی بەرز لە

جێگیری پێوانە دادەندرێت، چونکە ئەم بەهایە بەرزترە لە (0.70)، هەر بەهایەکی دەرهێندراویش بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ گەورەتر بێت لە (0.70) ئەوا بە بەهایەک دادەندرێت کە جێگری ناوەکیی هەیە (Tavakol and Dennick, 2011).

| خشتەی ژمارە (2) :Reliability Statistics | | |
|---|---|---|
| بوارەکان | Cronbach's Alpha | N of Items |
| ئایا تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان هەیە. | .834 | 4 |
| ئایا تاچەند ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەتاکەکانەوە هەیە. | .832 | 16 |

**سێییەم: شیکردنەوەی داتاکان**

دوای تەواوکردنی فۆڕمەکانی ڕاپرسی کە ژمارەیان 380 فۆڕم بوو، ئینجا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە فۆڕمەکان و دانانی ژمارە بۆ هەر یەکێک لە فۆڕمەکان بە شێوەیەکی یەک بەدوای یەک و بە مەبەستی دڵنیابوون لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکان و دڵناییوون لەوەی کە هیچ پرسیارێک بە هەڵە پڕنەکرابێتەوە و هیچ یەکێک لە پرسیارەکانش لەبیرنەکرابن، هەوڵماندا کە تەماشای یەکە بەیەکەی فۆڕمەکان بکەین، بۆ ئەوەی لەکاتی بەتاڵکردنەوەی فۆڕمەکاندا دووچاری کێشە نەبین. لەدوای ئەوە بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان هەوڵمانداوە داتاکان بخەینە ناو بەرنامەی SPSS ڤێرژنی 22. هەروەک Balnaves and Caputi (2001) پێیانوایە کە بەرنامەی SPSS یەکێکە لەو بەرنامانەی کە توێژەر دەتوانێت بە مەبەستی شیکردنەوەی داتا بەکاریبهێنێت.

**تەوەرەی حەوتەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم بەشە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوە لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی، کە بریتییە لە ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی بە تاکەکانەوە، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری و پێداچوونەوەی بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو.

**ئامانجی یەکەم: ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە تاکەکانەوە**

بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( One Sample T.Test) بۆ زانینی ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە تاکەکانەوە، کە نموونەی توێژینەوە بریتیبووە لە (380) کەس و لە ئەنجامدا هەروەک دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (M= 7.0789) بە لادانی پێوەری (SD= 2.28199 ) و (ناوەندی گریمانەیی= 12). هەروەها نمرەی ئازاد (df= 379). (T = -42.037, P-Value= 0.00<0.05) لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای (P-Value= 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05)، کە ئەمەش بە واتەی ئەوە دێت، ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە

تاکەکانەوە بە شێوەیەکی کرداری بەڵگەداری ئاماریی لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە 3 و 4).

| تاقیکردنەوەی (3) تاقیکردنەوەی One Sample T.Test بۆ ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەتاکەکانەوە. | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Test Value = 12 | | | | | |
| N | Mean | Std. Deviation | T | Df | Sig. (2-tailed) |
| 380 | 7.0789 | 2.28199 | -42.037 | 379 | .000 |

| خشتەی ژمارە (4): ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە تاکەکانەوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بێ لایەنم | لەگەڵیدانیم | هەرگیز لەگەڵیدانیم | ناوەندە ژمێرەیی |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە کەناڵ و ئامرازێک بۆ فێربوون و فێرکردنی تاک بە توندوتیژییەکان. | 22.6 | 53.4 | 19.5 | .8 | 3.7 | 12.976 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێک لە ژیان و ڕۆژانە بەکاردێن بۆ مەبەستی جیاواز. | 55.5 | 40.8 | 2.1 | .8 | .8 | 1.653 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت وەکو ئامرازێک بۆ هاندان و فێرکردنی تاک بە جۆرەکانی توندوتیژی هێمایی و زمانی. | 22.9 | 48.4 | 22.4 | 3.2 | 3.2 | 1.897 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن بۆ فێربوون و فێرکردنی تاک بە جۆرەها بەها و ڕەفتاری ناتەندروست لە ڕێگەی لاساییکردنەوە. | 43.2 | 42.9 | 10.0 | 2.9 | 1.1 | 1.776 |

**ئامانجی دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان**

بۆ زانینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان، پشت بە تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test) بەستراوە. نموونەی توێژینەوە بریتیبووە لە (380) قوتابی و لە ئەنجامدا هەروەک لە (خشتەی ژمارە 4) خراوەتەڕوو، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (M= 28.0947) بە لادانی پێوەری (SD= 7.17931) و (ناوەندی گریمانەیی= 48). هەروەها نمرەی ئازاد (df= 379). (T= -1065.540, P-Value = 0.00<0.05) لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای (P-Value = 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05)، ئەمەش بە واتەی ئەوە دێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و

پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان بەڵگەرادی ئاماریی لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە( 5 و 6).

| خشتەی ژمارە (5): تاقیکردنەوە One-Sample Test بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان. | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Test Value = 48 | | | | | |
| N | Mean | Std. Deviation | T | Df | Sig. (2-tailed) |
| 380 | 28.0947 | 7.17931 | -54.048 | 379 | .000 |

| خشتەی ژمارە (6): تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکرونییەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بێ لایەنم | لەگەڵیدانیم | هەرگیز لەگەڵیدانیم | ناوەندە ژمێرەیی |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ناشیاو بە کولتووری کۆمەڵگا. | 46.8 | 41.1 | 9.2 | 1.1 | 1.8 | 1.750 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە ئامرازێک بۆ بازرگانیکردن بە جەستە. | 46.1 | 37.1 | 14.2 | 1.3 | 1.3 | 1.837 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە سەکۆیەک، بۆ ململانێی سیاسی نێوان پارتەکان و بڵاوکردنەوەی پەیامی توندوتیژی دژ بەیەک. | 41.6 | 38.7 | 16.6 | 1.3 | 1.8 | 1.855 |
| بابەتەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار هەڵگری پەیامی تۆڵەسەندنەوە و چاندنی ڕق و قینەن لەناو کۆمەڵگا. | 33.9 | 48.4 | 13.9 | 2.1 | 1.6 | 1.750 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ناوەندێک، بۆ خۆ خاڵیکردنەوە و جنێودان لەلای بەشێک لە بەکارهێنەران. | 43.4 | 43.7 | 10.5 | 1.1 | 1.3 | 1.726 |
| لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دیاردەی هاککردن و خۆکردن بەکەسی تر ئەنجامدەدرێت. | 47.4 | 43.4 | 7.6 | 1.3 | .3 | 1.687 |
| لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەراسانکردن و بێزارکردن باوە لە ڕێگای ناردنی نامە و ڤیدیۆی سێکسی و نەشیاو بۆ بەکارهێنەران. | 38.4 | 42.9 | 16.3 | 2.1 | .3 | 1.803 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن، بەکاردێن بۆ سوکایەتیکردن بە | 31.3 | 45.0 | 20.3 | 2.4 | 1.1 | 1.845 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیرۆزییەکان. | | | | | | |
| بەشێک لە بابەتەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاندەرن، بۆ فێرکردنی تاک بە ڕەفتاری تاوانکاری و لادان. | 30.5 | 53.4 | 14.5 | 1.1 | .5 | 1.653 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن بەکاردێن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و درۆ . | 42.4 | 44.2 | 10.8 | 1.6 | 1.1 | 1.734 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن بەکاردێن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و پڕ لە چەواشەکاری. | 39.2 | 43.7 | 14.7 | 1.8 | .5 | 1.776 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی توندوتیژی خێزانی. | 37.6 | 46.1 | 14.2 | 1.8 | .3 | 1.742 |
| لەم سەردەمەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڕەشەن لەسەر تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. | 36.8 | 48.9 | 11.6 | 2.1 | .5 | 1.700 |
| لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دیاردەی فێڵکردن و لەخشتەبردن ئەنجامدەدرێت. | 43.4 | 46.8 | 8.7 | .8 | .3 | 1.647 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن، بەکاردێن بۆ شکاندنی شکۆ و کەرامەتی بەشێک لە تاکەکان. | 41.1 | 45.3 | 12.1 | 1.3 | .3 | 1.713 |

**ئامانجی سێیەم: زانینی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری و پەیوەندی لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، بەشە زانستییەکان)**

**یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لای نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

بۆ زانینی پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان و زانینی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوکێشەی جیاوازی ( One Way ANOVA) بەکارهاتووە و لە ئەنجامدا هەروەک لە (خشتەی ژمارە 7 و 8) پیشاندراوە، دەرکەوت کە ئەوانەی ڕەگەزیان مێیە (236) کەسی لەخۆگرتووە و ناوەندی ژمێرەیی (27.9661) بە لادانی پێوەری (7.29725) هەروەها ئەوانەی ڕەگەزیان نێرە (144) کەس لەخۆدەگرێت، کە ناوەندی ژمێرەیی (28.3056) و بە لادانی پێوەری (7.00178) لەگەڵ ئەوەشدا کۆی گشتیی نموونەکە بەپێی ئەم گۆڕاوە (380) قوتابین. دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA) (Sum OF Squares)ی نێوان گرووپەکان ( Between Group=

(10.305) بە نمرەی ئازاد (1) و (Sum OF Squares) ناو گرووپەکان ( Within Group= 19524.284) بە نمرەی ئازاد (378) و (Sum OF Squares) کۆیەکان ( Total= 19534.589) بە نمرەی ئازاد (379) هەروەها (Mean Square) نێوان گرووپەکان دەکاتە (10.305) و (Mean Square) ناو گرووپەکان دەکاتە (51.652) و بەهای (F= .200، P=.655> 0.05) لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهای (P=.655) گەورەترە لە (0.05)، کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە.

خشتەی ژمارە (7): تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی بەتوندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| نێر | 144 | 28.3056 | 7.00178 |
| مێ | 236 | 27.9661 | 7.29725 |

خشتەی ژمارە (8): شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی ئاستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| | Sum of Squares | نمرەی ئازاد | Mean Squares | بەهای(F) | Sig | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێوان گرووپەکان | 10.305 | 1 | 10.305 | .200 | .655 | بەڵگەدار نییە |
| ناوگرووپەکان | 19524.284 | 378 | 51.652 | | | |
| کۆی گشتی | 19534.589 | 379 | | | | |

**دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لای نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان**

بۆ زانینی پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان و زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان، هاوکێشەی جیاوازی ( One Way ANOVA) بەکارهاتووە و لە ئەنجامدا هەروەک لە (خشتەی ژمارە 9 و 10) پیشاندەدرێت، دەرکەوت کە ئەوانەی لە بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (269) قوتابیی لەخۆگرتووە و ناوەندی ژمێرەیی (28.3941) بە لادانی پێوەری (6.65185)، هەرچی ئەوانەن کە لە بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان ژمارەیان (111) قوتابین، کە ناوەندی ژمێرەییان دەکاتە (27.3694) بە لادانی پێوەری (8.30873). لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گشتیی نموونەکە بەپێی ئەم گۆڕاوە (بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان) (380) کەسن و ناوەندی ژمێرەیی (28.0947) و لادانی پێوەری (7.17931). دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA) (Sum of Squares)ی نێوان گرووپەکان (Between Group= 82.503) بە نمرەی ئازاد (1) و ( Sum of Squares) ناو گرووپەکان (Within Group= 19452.086) بە نمرەی ئازاد (378) و

(Sum of Squares) کۆیەکان (Total= 19534.589) بە نمرەی ئازاد (379) هەروەها (Mean Square) نێوان گرووپەکان دەکاتە (82.503) و (Mean Square) ناو گرووپەکان دەکاتە (51.461) و بەهای (F= 1.603، P=0 .206> 0.05) لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهای (P=.206) گەورەترە لە (0.05)، کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە.

| خشتەی ژمارە (9):تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لای نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| بەشەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| مرۆڤایەتییەکان و بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 269 | 28.3941 | 6.65185 |
| بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان | 111 | 27.3694 | 8.30873 |
| کۆی گشتی | 380 | 28.0947 | 7.17931 |

| خشتەی ژمارە (10): شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی ئاستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان لای نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بەشەکانی زانستە سروشتی و پەتییەکان. | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Sum of Squares | نمرەی ئازاد | Mean Squares | بەهای (F) | Sig | ئاستی گوزارشت 0.05 |
| نێوان گرووپەکان | 82.503 | 1 | 82.503 | 1.603 | .206 | بەڵگەدار نییە. |
| ناوگرووپەکان | 19452.086 | 378 | 51.461 | | | |
| کۆی گشتی | 19534.589 | 379 | | | | |

### تەوەرەی هەشتەم: گفتوگۆی توێژینەوە

لەم ساڵانەی دواییدا سۆشیاڵ میدیا وەک فەیسبووک، تویتەر و...هتد، بووەتە جێی بایەخ و سەرنجی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. وێڕای ئەمەش، سۆشیاڵ میدیا پلاتفۆرمێکی ئینتەرنێتە، کە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری یان پەیامەکان لە ڕێگەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە داڕێژراوە. دەشێت ئەوە بوترێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مۆدێرن سۆشیاڵ میدیا پلاتفۆرمێکی نایاب بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنێت بۆ کۆمێنت، هاوبەشکردن و وەرگرتنی زانیاری. لەگەڵ ئەمەش ڕەنگە دەرفەتێکی باش بدات بە تاکەکان و دامەزراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان، کە ئەمەش بۆ ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانەیان گرنگە. لێ لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێک باردا سۆشیاڵ میدیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەیە، چونکە لە هەندێک حاڵەتدا جۆرێک لە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە لایەن بەکارهێنەرانییەوە دەهێنێتەکایەوە. دەشێت بوترێت، دیاردەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دیاردەیەکی جیهانییە و پەیوەندی تەنها بە وڵاتێک، نەتەوەیەک، ناوچەیەک، شارێک و...هتد نییە. هەڵبەت ئەوەی ئێمە

لەم توێژینەوەیە خستوومانەتەڕوو توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی سوشیال میدیایە لە هەرێمی کوردستان. دەشێت بوترێت، لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2003) و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کاریگەری لەسەر کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتانی دەرەوە سازکرد. بە جۆرێک ئەو کرانەوە کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە لایەنی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ڕاگەیاندنیش هەبوو. دەشێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە ئەو گۆڕانکارییە لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگە سازکردووە. هەڵبەت یەکێک لەو گۆڕانکارییانە هاتنەکایەوەی سوشیاڵ میدیا بوو بە هەموو جۆرەکانیە، کە کاریگەری لەسەر تاکەکان سازکردووە بە هەردوو لایەنی (ئەرێنی و نەرێنی).

هەڵبەت ئەوەی لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ڕووندەبێتەوە سەبارەت بە ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە. هەڵبەت ئەوەی کە ئێستا تێبینی دەکرێت بەکارهێنانی پلاتفۆرمی پەیوەندییە ئۆنلاینەکان، بە تایبەتی سۆشیال میدیا لە لای تاکەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی جۆراوجۆر لە گەشەسەندندان و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیان و ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگە هەیە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە کە سەرنجی پێویستی لەسەر بدەین ( Du Preez and Prinsloo, 2017:118). ئەوەی کە لە ئەنجامی خشتەکانی ژمارە (3 و 4) بەپێی بیروڕای زۆرینەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە کەناڵ و ئامرازێک بۆ فێربوون و فێرکردنی تاک بە توندوتیژییەکان و جۆرەها بەها و ڕەفتاری ناتەندروست لە ڕێگەی لاساییکردنەوە، ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی توێژەران (میلاد بسطامی، نادر آفقی، رضا علیزاده) بەرکەوتن و بینینی ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە لەناو ژینگەی سۆشیال میدیا هەیە و ناوڕۆک و خەسڵەتی توندوتژیان هەیە، وا دەکات کە ئاستی توندوتیژیی ئاشکرا و شاراوە لە لای تاکەکان دروستبکات، هەروەها بە دووبارەکردنەوەی چەند جارەی ڤیدیۆ و وێنەکان ئاستی توندوتیژییەکان زیاتر گەشەدەکات.

وێڕای ئەمەش، لە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوە ئەوە ڕوونبۆتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکانەوە هەیە بە تێڕوانینی قوتابییان، کە لە ڕووی ڕەگەز و بەشەکانیان جیاوازن، لە بەشی زۆری بڕگەکان ئەوەیە لە نێوان لەگەڵیدام و زۆر لەگەڵیدام (بڕوانە خشتەی ژمارە 6). بۆیە دەتوانین بڵێین بەپێی بیروڕای زۆرینەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکانەوە هەیە. ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو وەک توێژینەوەی توێژەر (ریهام السيد عبدالجليل ابراهيم) "توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەوێت، کە چەندین شێوە و جۆری هەیە وەک هەراسانکردن، بەرکەوتنی ئەلیکترۆنی، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، خۆدزینەوە، قومارکردن و مادەی هۆشبەری ئۆنلاین، سایتە پۆرنۆگرافییەکان و... هتد. هەروەها هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (مورغن مایکر) (Morgan Meaker) کە دەڵێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی

هەڵە و توندوتیژی، هەروەها ئەم کاریگەرییەش تەنها تایبەت نییە بەو وڵاتانەی کە تازە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاهاتوون، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ زۆرێک لە وڵاتان، لەوانەش ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئەندەنوسیا و هتد.... هەروەها هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی تویژەران (علی طالعی، معصومە اسماعیلی، سمیه کاظمیان، احمد برجعلی) کە بریتییە لە توندوتیژی لەناو سۆشیال میدیا سەرەتا لە ڕێگەی بەمۆدێلکردنی وشەکانەوە سەرهەڵدەدات، پاشان دەگاتە ئاستی خۆنمایشکردنی ڕوخسار و جەستە، دوا قۆناغیش بریتییە لە نمایشکردنی شوینە هەستیارەکانی جەستە تا دەگاتە گەیشتن بە ئاستی ئۆرگانیزم. لە هەمانکاتدا هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی تویژەران (میلاد بسطامی، نادر آفقی، ڕضا علیزادە) کاتێک گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامەی کە بەکارهێنانی هەڵەی سۆشیال میدیا وەک: کاتبەسەربردن، گاڵتەپێکردنی کەسانی دیکە، جنێودان و سوکایەتیپێکردنی کەسانی دیکە، ناوزڕاندن، بەراوردکردنی ژیانی خۆت لەگەڵ شێوەی ژیانی ئەو کەسانەی کە لە سۆشیال میدیا وێنە و ڤیدیۆکانیان دەبینیت، لە ڕووی شێوازی جل و بەرگ و خانوو و ئۆتۆمبێل ... هتد. سەرجەمی ئەمانە فاکتەری کاریگەر و بەهێزن لە دروستبوونی توندتیژیی ئاشکرا و شاراوە، و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر لایەنی دەروونی و تێکشکاندنی کەسایەتیی تاک هەیە.

سەبارەت بەوەی کە بەشداربووان پێیانوایە کە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناشیاو بە کلتووری کۆمەڵگە، بازرگانیکردن بە جەستە، ململانێی سیاسیی نێوان پارتەکان و بڵاوکردنەوەی پەیامی توندوتیژی دژ بەیەک، چاندنی ڕق و قینەن لەناو کۆمەڵگا، خۆخاڵیکردنەوە و جنێودان لەلای بەشێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، هاککردن و خۆکردن بە کەسی تر، هەراسانکردن و بێزارکردن، ڕەفتاری تاوانکاری و لادان، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و درۆ، زیادبوونی توندوتیژیی خێزانی و... هتد، هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە توندوتیژیی ئەلیکترۆنییەوە هەیە، کە بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە پەنای بۆ دەبەن. دەشێت ئەمانەش بۆ سێ هۆکار بگەڕێنینەوە کە ئەوانیش: هۆکارە کۆمەڵایەتی، بایۆلۆژی و کەسییەکانن. ئەم ئەنجامانەش پەیوەستە بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، چونکە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، کە گریمانەی ئەوە دەکات، مرۆڤ بە تەقلیدکردنی ئەوەی کە ئەوانی دیکە دەیکەن فێردەبێت. دەشێت لەو گۆشەنیگایەوە ئەوە بخەینەڕوو کە توندوتیژی توندوتیژی پەروەردەدەکات، ئەمەش بەو واتایەی کاتێک تاکێک توندوتیژی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدات تاکەکانی تریش هەمان کردە لە پرۆسەی لاساییکردنەوە فێردەبن و دووبارەیدەکەنەوە (Lekena, 2016). لەگەڵ ئەمەشدا تاک لە ڕوانگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چاودێریکردنی ڕەفتار و هەڵوێست و دەرئەنجامەکانی ئەو ڕەفتارانەی ئەوانی دیکەوە فێردەبن. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی پێشنیازی ئەوە دەکات کە شەڕانگێزی لە ڕێگەی دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانی کردەوە شەڕانگێزی و ناشەڕانگێزییەکان و لە ڕێگەی چاودێریکردنی شەڕانگێزی و دەرئەنجامەکانیەوە فێردەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی لاساییکردنەوە ڕەفتاری ئەوی دیکە فێردەبێت (Kauffman, 2001).

بۆیە لێرەوە دەکرێت ئەوە بوترێت، کە سۆشیاڵ میدیا ئەمڕۆ لەپاڵ لایەنە ئەرێنییەکانی کە تاکەکانی کۆمەڵگە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕبکەن و

ئاگاداری دوایین زانیاری بن سەبارەت بە کۆمەڵگە و جیهان. لێ لەگەڵ ئەمەشدا کەناڵێکن بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی کردەی لاساییکردنەوە. بۆیە دەشێت لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەروەردەکردنی تاک جۆرێک لە هۆشیاری سازبکرێت لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بە شێوەیەکی گشتی. ئەمەش بە بونیادنانی جۆرێک لە مۆراڵ کە تاک سنووردار بکات لە پاڵنەرە ئیگۆییەکان، ئەمەش بەو واتایەی کە ناکرێت تاک سەرقاڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت و کەسێکی خۆپەرست بێت، بە ئارەزوو، خواست و ویستی خۆی سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت و کردەی توندوتیژیی ئەلیکرۆنی ئەنجامبدا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوی تر وەک مرۆڤ یاخود بوونێکی کۆمەڵایەتی بکات، چونکە مۆراڵ بۆ خۆی لە ئەنجامی تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دێتەئاراوە، کە خۆی لە ڕێزگرتن لەو گرووپەدا دەبینێتەوە. ئەوەی کە ئەو جۆرە لە مۆراڵ سازدەکات لە نێوان تاکەکان بریتییە لە پەروەردە، کە خودی پەروەردەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە تیایدا تاک لە ڕێگە دامەزراوە پەروەردەییەکان بەکۆمەڵایەتیدەبێت.

**تەوەرەی نۆیەم: دەرئەنجامی توێژینەوە**

دەتوانرێت بوترێت، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەناڵێکن، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر تاک هەیە. لێ لەگەڵ ئەمەشدا هۆیەکن بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، بۆیەش تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی تۆێی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری توندوتیژی لەیەکتر فێردەبن. ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامی گومانی توێژەران سەبارەت بە ئاراستەی قوتابییانی زانکۆ بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەستپێکردووە. هەروەها توێژینەوەکە لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە توێژینەوە و دەق و ئەدەبیاتی پێشوو ئەوەی بۆ ڕوونبووەوە، کە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لە سەرانسەری جیهاندا باوە و بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. لە بەرانبەر ئەم پاشخانەدا، توێژینەوەکە هەوڵیدا بزانێت تاچەند ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکانەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. توێژینەوەکە ئەوەی پشتراستکردۆتەوە کە پەیوەندییەکی ئاماریی گرنگ لە نێوان ناوەڕۆک و سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی ئەلیترۆنی هەیە، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، لەهەمانکاتدا هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز و بەشە زانستییەکان) نییە.

**تەوەرەی دەیەم: پێشنیازەکان**

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی پەیوەندیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لێکترازانی خێزانی.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێکدادانی بەهاکان و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ کاریگەریی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەنجامدانی تاوان و لادان لە کۆمەڵگای کوردی.

**تەوەرەی یانزەیەم: راسپاردەکان**

1. گرنگە میری یاسا و ڕێنمایی تایبەت دابڕێژێت، بۆ بەرنگاربوونەوەی دیاردەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داڕشتنی سزای تایبەت لەم بوارە.
2. گرنگە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکار و میکانیزمی نوێ دابڕێژێت، بۆ دانانی فلتەر و جۆرێک لە سانسۆر لەسەر ئەو ماڵپەڕ و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرانەی، کە بەکارهێنەری زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بتواندرێت جۆرێک لە کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆک و پەیامەکانی هەبێت.
3. داڕشتنی پلان و ئەنجامدانی بەرنامە و کۆنفراسی تایبەت بۆ بەخشینی هۆشیاری و مەعریفەی تەکنۆلۆجی بە هاوڵاتییان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە، لەبارەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**پەراوێزەکان**

* ناوی پسپۆڕان بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی (Validity)

1. * * پ. ی. د. محمد حسین محمد شوانی، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین
2. پ. ی. د. میران محمد صالح، کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران
3. پ. ی. د. ئاراز حکیم ڕزا، دەروونزانی- پەروەردەی تایبەت، زانکۆی سەلاحەددین
4. د. هەرمین شێرکۆ، میدیا، زانکۆی پۆلەتەکنیک- سلێمانی.
5. د. هۆشەنگ فرهاد عبدالله، دەروونزانی، زانکۆی سۆران.

## سەرچاوەکان (References)

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


احمد، ئاراز رمضان (2019) *کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکی مەیدانییە*. اربیل:مجلة جامعة جيهان- للعلوم الانسانية و الاجتماعية ژمارە(2/3)،لا8-19.

شوانی، هێمن ئەمین ( 2021 ) *ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی*. هەولێر :ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی( ی.ن.ک.)

میران، ڕەشاد (2016) *چەند بابەتێکی ئیتنۆ کۆمەڵایەتی*. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئیروانی، فرید ( 2020) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەتەکێتی بەکارهێنانیان. هەولێر: چابخانەی مێخەک.

**دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان**


ابراهيم، ريهان السيد عبدالجليل (2017) *دور الجامعة في مواجهة المخاطر العنف الالكتروني عبر الشبكات التواصل الاجتماعي*"دراسة تحليلية" مجلة التطوير الاداء الجامعي. جامعة المنصورة، المجلد 5، العدد 2.

بدوي، احمد زكي ( 1982) *معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية*، مكتبة لبنان، بيروت.

بورديو، بيیار و باسرون، جان كلود (2007) *إعادة الإنتاج: في سبيل نظرية عامة لنسق التعليم*. ت، ماهر تريمش، بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

جبار، عبير محمود (2017) *أعتماد طلبة جامعة جيهان على الإعلام الجديد كمصدر للمعلومات والاخبار*. مجلة جامعة جيهان- اربيل العلمية (2/1) ،ص 42-65.

الديهي،محي الدين اسماعيل محمد (2015) *تاثير الشبكات التواصل الاجتماعي الاعلامية على جمهورالمتلقي*. اسكندرية: مكتبة الوفاء القانونية.

سلمان، أحمد حسن (2017 ) *شبكات التواصل الاجتماعي و دورها في نشر الشائعات من وجية نظر أعضاء هيئة التدريس في جامعة ديالى*. رسالة ماجستير غی منشورة، الاردن -عمان :جامعة الشرق اوسط.

عماشه، سناء حسن (2010) *الاتجاهات النفسية والاجتماعية: انواعها و مدخل قياسها: مصر، مجموعة النيل العربية*. دراسة على الموقع الكتروني التالي، بتاريخ 25/2/2024.
https://drive.google.com/file/d/1UruBgeS9qdPXyag8LVs6VNCyYlqCEMlJ/edit?pli=1

فوزية ،محمد و الزهراء، خدة *فاطمة (2018) تأثير العنف الالكتروني في مواقع التواصل الاجتماعي على العلاقات الاجتماعية لدى الشباب*. مجلة جيل العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد 40 ، ص 40.

قاسم، أحمد و جداي، *سليم ( 2019) تاثير المواقع التواصل الاجتماعي على الامن المجتمعي للدول الخليجية*. المانيا: المركز الديموقراطي العربي.

الكعبي، ابراهيم محمد (2013) *العوامل الأجتماعية للعنف الأسرى في المجتمع القطرى*. دمشق: مجلة جامعة دمشق، المجلد 29، العدد 3+4.

مايكر، مورغن (2018) *عندما تؤجج مواقع التواصل الاجتماعي العنف بين الناس، منظمة ( BRS ) العمل من أجل المسؤولية الاجتماعية*. دراسة على الموقع الكتروني التالي، بتاريخ 25/5/2023 .
https://www.3yonel7ds.com/2018/11/blog

محمد، جمعة (2021) *أثر مواقع التواصل الاجتماعي على السلوكيات الانحرافية للطلبة الجامعيين دراسة ميدانية من وجهة نظر طلبة جامعة البويرة*. أطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى جامعة يحي فارس المدية، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم علم الاجتماع.

مهدي،عبير سهام و ياسين،عمار حميد ( 2019) *دور الجامعات العراقية في أعداد القيادات الشبابية لتعزيز المسؤولية المجتمعية*. المجلة السياسية والدولية ،ص 257-281.

ناجي، علاء (2017) *العنف الالكتروني كمشكلة اجتماعية عامة*. مركز الفرات للأبحاث والدراسات، منشورة على الموقع الكتروني التالي، بتاريخ 30/5/2023 http://fcdrs.com/social/931

هتيمي، حسين محمود (2015) *العلاقات العامة والشبكات التواصل الاجتماعي*. الاردن -عمان :دار اسامة للنشر والتوزيع.

وردة، جعلاب و كاهينة بوشنة (2021) *تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على الأمن المجتمعي في الجزائر – فيسبوك نموذجا*. الجزائر: سالة ماجسترغير منشورة، مقدمة الى جامعة محمد بوضياف المسيلة ، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم علوم الإعلام والاتصال.

## سێیەم:سەرچاوە ئینگلیزییەکان


Akers, R.L., (2011) *Social Learning and Social Structure: A General Theory of Crime and Deviance*. Transaction Publishers.

Allport, G. W. (1935*) Attitudes. In C. M. Murchison (Ed.), Handbook of Social Psychology*. Winchester, MA: Clark University Press.avilable online at: chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://eclass.uowm.gr/modules/document/file.php/NURED262/%CE%A0%CE%A1%CE%A9%CE%A4%CE%9F%CE%A4%CE%A5%CE%A0%CE%91%20%CE%91%CE%A1%CE%98%CE%A1%CE%91/Allport%20GW%20attitudes%201935%20Murchison%20chapter.pdf

Beirne, P. and Messerschmidt, J. W. (2015) *Criminology: A Sociological Approach*. (6th Ed.). New York: Oxford University Press.

Caputi, P. and Balnaves, M.(2001) *Introduction to Quantitative Research Methods: an Investigative Approach. . Introduction to Quantitative Research Methods*. SAGE, London.

Creswell, J. W. (2013) *Research Design: Qualitative, Quantitative, and Mixed Methods Approaches*. Sage publications.

Cullen, F. T., Agnew, R. and Wilcox, P. (2014) *Criminological Theory: Past to Present*. New York: Oxford University Press.

Du Preez C and Prinsloo J (2017) 'An Exploration of Bullying in School Context with Specific focus on Cyberbullying as a form of Cybercrime in Tshwane, Gauteng', in Acta Criminologica. *Southern African Journal of Criminology*, 30, (3)103–120.

Edinyang, S.D (2016 )The Significance of Social Learning Theories in the Teaching of Social Studies Education. *International Journal of Sociology and Anthropology Research*, 2(1), 40-45.

Harris, Lois R. and Brown, Gavin T.L. (2010) Mixing Interview and Questionnaire Methods: Practical Problems in Aligning Data. Practical Assessment, *Research and Evaluation*, 15(1),1-19.

Johnson, B. and Christensen, L.B.( 2014) *Educational Research: Quantitative, Qualitative, and Mixed Approaches.* SAGE, Los Angeles.

Johnson, T.P., (2014) Snowball Sampling: Introduction. *Wiley StatsRef: Statistics Reference Online*.-(-),1-3, doi:10.1002/9781118445112.stat05720.

Kauffman, J. M. (2001) *Characteristics of Emotional and Behavioral Disorders of Children and Youth*. (7th ed.). New Jersey: Merrill Prentice Hall.

Lekena, M.E.A., (2016) *An Exploration of Learners' Experiences of Bullying as an Act that Promotes Exclusion in a High School in Botha-Bothe District*, Lesotho (Master thesis).

Maltby, john, Liz Day and Macaskill (2007) *personaliy, individual differences and intelligence*. England: Pearson Prentice Hall.

Nabavi, R.T., and Bijandi, M. S. ( 2012) Bandura's Social Learning Theory and Social Cognitive Learning Theory. *Theory of Developmental Psychology*, *1*(1), pp.1-24.

Santrock, J. W. (2017) *Educational psychology*. 6th Edition, McGraw-Hill Education.

Taber, K.S.,( 2018) The use of Cronbach's Alpha When Developing and Reporting Research Instruments in Science Education. *Research in Science Education*, 48 (-) 1273-1296.

Tavakol, M. and Dennick, R.,(2011) Making Sense of Cronbach's alpha. *International Journal of Medical Education*, 2 (-).53-55.

**چوارەم: سەرچاوە فارسیەکان**


بسطامی، میلاد و دیگران(1401)، *تاثیر فضای مجازی در بروز خشونت آشکار و پنهان.(مورد مطالعه:*شهروندان شهر رشت،ایران، فصلنامه علمی جامعه فرهنگ و رسانه، سال یازدهم، شماره 43،تابستان، ص 293-315.

علی طالعی و دیگران (1398-2018)، *خشونت و پرخاشگری در شبکه‌های مجازی از دیدگاه نوجوانان*. یک مطالعه پدیدار شناسی، ایران، دانشگاه شهید چمران فصلنامه مشاوره کاربردی، دوره دوم، بهار و تابستان، شماره۹، صفحه 25-48.



**الملخص**

**اتجاهات طلبة الجامعة نحو تأثيرات وسائل التواصل الاجتماعي في إنتاج العنف الالكتروني.**

الهدف الرئيسي للبحث هو التحليل الكمي لمعرفة محتوى وطبيعة الشبكات الاجتماعية وعلاقتها مع الأفراد، وكذلك معرفة العلاقة بين الشبكات الاجتماعية والعنف الالكتروني.

ومن أجل تحقيق هذا الغرض تم الاعتماد على نظرية التعلم الاجتماعي (Social Learning Theory) لتحليل العنف الالكتروني عند الأفراد، مستخدما المنهج الكمي. واختير طريقة الاستبانة لجمع البيانات.

مجتمع الدراسة هي جامعة سوران، ويتكون عينة البحث من (380) طالب وطالبة من أقسام علمية مختلفة. واستخدم برنامج (SPSS) لتحليل النتائج.

توصل البحث الى جملة من الاستنتاجات من بينها، إن لمحتوى وطبيعة الشبكات الاجتماعية علاقة وثيقة بالعنف الالكتروني، ولا يتغير هذه العلاقة مع تغير الجنس والقسم العلمي.


الكلمات المفتاحية: الاتجاه، الجامعة، الاعلام الاجتماعي، العنف الالكتروني.